**مجلة قەڵای زانست العلمية**

مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق

المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩

رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# وێنەی ڕەگەزی نێر لەنێو هۆنراوەکانی ناز کاکەییدا

The Man's Image in Naz Kakaees poems

**پرۆفیسیۆری یاریدەدەر دکتۆرە کوردستان موکریانی**

بەشی پەروەردەی گشتی / کۆلێژی پەروەردە و زمان / زانکۆی لوبنانی فەرەنسی

## معلومات البحث

**تاريخ البحث:**

الاستلام: ٢٠١٨/١٠/١٥

القبول: ٢٠١٨/١١/٢٠

النشر: شتاء ٢٠١٩

Doi:
**10.25212/lfu.qzj.4.1.2**

**الكلمات المفتاحية:**

*Woman, Poetry*
*Literary Arts*
*human*
*Psychological condition,*
*Character*
*Naz Kakhei*
*The image of the man.*

## پـوختـە

تا ساڵانێکی دوورودرێژ هەبوونی ڕەگەزی مێ لەنێو ژانرەکانی وێژەدا، بەزۆری بەرێگەی بەرهەمی ڕەگەزی نێرینەوە بوو، بەواتا پیاو لێی دوابوو، بەپێی ویست و ئارەزووی خۆی وێنەی بۆ کێشابوو، بەڵام لەو ڕۆژەوەی ڕەگەزی مێ ڕووی لە بەرهەمی بیر کردەوە و خۆزگە و ئاواتەکانی و باری کۆمەڵایەتی و ئابووری، ڕامیاری و.. لەنێو هۆنراوە، پەخشان، چیرۆك، نـۆڤل، ڕۆمان و.. خۆیاکرد، ڕەگەزی مێ بەشێوەیەکی کارا و ڕاستەوخۆ بەشداری لە دارشتنی پرۆسەی ئەدەبی کرد.

لەرووی ئەوەی زۆربەی بەرهەمی بیری چاپکراوی ئافرەتی کورد لە بواری وێژەدا، هۆنراوە دەگرێتەوە، ئەم توێژینەوەیەم بۆ کۆمەڵێك هۆنراوەی نووسەر و شائیری

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هاوچەرخ ـ ناز فەلەکەددین تەرخانکرد و لە ناەرۆکەکەیدا جەختم لەسەر پێشاندان و شیکردنەوەی وێنەی رەگەزی نێر کرد..

## پـێـشـــەکی

وێنەی رەگەزی نێر لەنێو هۆنراوەکانی ناز کاکەییدا توێژینەوەیەکی وەسفی شیکارییە. ئەو وێنە جۆراوجۆرانەی، کە ناز بۆ رەگەزی نیری بە وشە کێشاون، پێشاندەدات و شییاندەکاتەوە. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە بزاندرێت وێنەکانی رەگەزی نێر هەر لەنێو بازنەی خێزاندا دەخولێنەوە، یان پەلیان بۆ نێرینەی دەرەوەی خێزانیش هاویشتووە. جۆری وێنەکانی بەرجەستەکراو، ئایا ئەرێنین، یان وێنەی نەرێنین؟ لە هەمان کاتدا بۆ راگرتنی هاوکێشەی نێوان ململانێ و پێکدادان، یان تەبایی و گونجان و نەگونجانی هەردوو رەگەزی مێ و نێر، تیشک خراوەتە سەر وێنەکانی رەگەزی مێش، کە بەزۆری خۆی ـ نازی شائیر دەگرێتەوە.

ئەوەی لەنێو هۆنراوەکانی ناز کاکەییدا بۆ من سەرنجراکێشە، وێنەکێشانی رەگەزی نێرە ، کە باسێکی سەرپێی و لاوەکی نییە، بەڵکو ناز لەنێو هۆنراوەکانیدا رەگەزی نێری وەك بابەتێك هێناوەتەپێش، لەپاڵ ئەوەشدا زۆر بوێرانە و راشکاوانە رازی دڵی خۆی درکاندووە. ئەمانە بوون بەهۆی نووسینی لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ لەبارەی هۆنراوەکانی هاوسەفەر دا.

رەگەزی مێ لەنێو هۆنراوەکانی ناز دا وێنەی بۆ کێشراوە، بەڵام زۆر کەمتر لەچاو ئەو هۆنراوانەی بۆ رەگەزی نێری تەرخانکردوون. لەم توێژینەوەیەدا زانستانە و بابەتانە شیکراونەتەوە.

لەپاڵ ئەمانەشدا هەوڵدراوە ئەوەش بخرێتەروو، ناز لە دەربرینی هەست و نەستیدا، تا چەند ملکەچی ئەو داوونەریتانە بووە، کە کۆمەڵ بۆ رەگەزی مێ دایرشتوون، کە پابەندنەبوونی بە بەزاندنی هێڵی سۆر هەژمارکراوە.

### ناز کاکەیی و وێنە شیئرییەکانی

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە جڤاکی کوردەواری ئەمڕۆدا ڕەگەزی مێ بەشداری لە زۆربەی بوارەکانی ژیانی ڕۆژانەدا کردووە و دەکات. بەرهەمی بیری ژن لە دنیای وێژەدا یەکێکە لەو بوارە گرنگانەی ئافرەتی کورد دەیان ساڵە ئەسپی خۆی تێدا تاوداوە، بەڵام کەم ئاوری لێدراوەتەوە. بەڵگەش بۆ ئەمە تا ساڵی 2008 ژنی کورد 131 دیوانە شیئری پێشکێش بە نامەخانەی کوردی کردووە(1) کەچی زۆرکەم تیشکی لێکۆڵینەوەی زانستییان بەرکەوتووە.

ئەم توێژینەوەیە بایەخ بە بابەتێك دەدات، کە تا ئێستە ڕەخنەگران و پسپۆران زۆر کەم لێیانکۆڵیوەتەوە. ئەگەر تیشکی تۆژینەوەشی بەرکەوتبێت، ئەوا زۆرتر هەر ڕەگەزێکی نێر بەپێی بۆچوون و تێروانینی تایبەتی خۆی وێنەی پیاوی لەنێو شیئری ژناندا شیکردۆتەوە(2).

ناز لە تەمەنی هەرزەکاری هۆنراوەی هۆنیوەتەوە، بەڵام بە زمانی فارسی، چونکە خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی لە ئێران تەواوکردووە. لە ساڵی 1993 ەوە دەستی بە بڵاوکردنەوەی شیئرەکانی بە زمانی کوردی کردووە. هاوسەفەر لەڕووی کۆکردنەوەی هۆنراوەکان و بڵاوکردنەوەیان بە چاپکراوی، بە نۆبەرەی شیئرەکانی ناز کاکەیی دەژمێردرێت(3) . ناز بەر لە چاپ و پەخشکردنی ئەم هۆنراوانەی بەرهەمی بیری بۆ منداڵان تەرخانکردووە(4) .

وێنەی شیئری یەکەیەکی گرنگی دانانی هەر پارچە هۆنراوەیەکە، کە لەنێویدا هەست و نەستی بوێژ بەرجەستەدەبێت و کاردانەوەشی لەسەر سۆزی خوێنەر، یان گوێگریش دەبێت. شائیرانی پێشین بایەخێکی زۆریان بە وێنەی شیئری داوە، بەتایبەتی لەلایەن هونەری لێکچوواندن، کە دەبا پێوەندی نێوان بابەتی لێیچوو و لەوچوو لەرووی مەنتك و هۆشەوە پەژراندرابا، بەواتا قبووڵکرابا.

شائیرانی سەدەی بیستەم، کە شائیرانی ژنیش دەگرێتەوە دەورێکی باڵایان لە بزاڤی شیئری نوێدا بینیوە(5). زۆربەی بوێژانی هەردوو ڕەگەزی مێ و نێر، تا رادەیەك لەوجۆرە بنەما و پێوەندییەی نێوان هەردوو ڕەگەزی لێیچوو و لەوچوو دوورکەوتوونەتەوە و لە بەرامبەردا بەجۆرێك بایەخیان بە ئەندێشە داوە، کە وێنەی شیئری لەنێویدا زۆر بە سانایی هەناسەی داوە.

ناز بوێژێکی هاوچەرخە، راستە لە وێنەکانیدا رووی لە سروشت کردووە، بەڵام نەك وەکوو بوێژانی پێشین، خۆی و بەرامبەرەکەی بە بەشێك لە جوانییەکان و دیاردەکانی سروشت بچووێنێت، بۆ وێنە: روومەتی بە گوڵ، بەژن و باڵای بە چنار، چاوی بە نێرگز و..، کەواتە خۆی لە بازنەی لێکچوواندن و خوازە و هەروا هێندێکجار هەتا ریتمی هۆنراوە بەند نەکردووە، بەڵکو ناز هەموو سروشتی لە راژەی ئەو وێنە شیئرییانە داناوە، کە بۆ ڕەگەزی نێر نەخشاندوونی.

ناز لە زۆربەی هۆنراوەکانیدا ئامادەیی هەیە. زۆرجار لە بەرزاییەکەوە دەروانێتە دەوروبەری بە شێوەیەك، کە خۆی بە شاژنی قەڵای میهر دەبینێت و زۆر بەخۆشی باس لە زولفی پەرێشانی خۆی دەکات، جا چی لەژێر باران، یان هەر بارێکی دی دا بێت. ناز ئەزموونی خۆی لەگەڵ رەگەزی نێردا بە رێگەی وشە سەرلەنوێ بۆمان دادەرێژێتەوە و لە جوانترین وێنە پێشکەشی خوێنەری دەکات.

کۆمەڵێك وشەی فەرهەنگی، کە نیشانەی گەشبینین و خۆشی دڵ و دەرونن، بوون بە لێکسیکۆی هۆنراوەکانی هاوسەفەرەکەی، لەوانە: ژیان، رۆح، عەشق، باڵندەی ئاشتی، کۆترە سپی، ئاوازی شادی، تەمبوور، دەف، نای و.. زۆربەی جۆری گوڵ ـ گوڵە حاجیلە، نێرگز، یاس، گوڵەباخ، خونچە گوڵ، ئەقاقیا و.. لەمانە هەموو چەند وێنەیەکی رۆمانسی بۆمان کێشاوە.

لە وێـنە کێشاندا کاریگەری بەرهەمی وێژەیی گەلانی ئێران لەنێو هۆنراوەکانیدا رەنگیان داوەتەوە، هەتا لەبەکارهێنانی خوداوەندەکانیان، وەك ئەناهیتا، میترا. لە ئلیینی زەردەشتبش ئاهورا و ئەهریمەن ...

لە زۆربەی وێنەکاندا، هەتا ئەوانەی بۆ رەگەزی نێر نەخشاندوونی، ناز وەکو مێینەیەکی باوەر بەخۆ، شانازیکەر بە ژنبوونی بەرجەستەبووە، لە هۆنراوەکاندا دەنگی مێینەیەکی دی، کە لێی بترسێت، یان گومانی لێ بکات، هەست پێناکرێت، هەر بە تەنیا خۆی لە مەیدانە.

یەکەم/ وێنەی رەگەزی نێر لەنێو خێزاندا

وێنەی رەگەزی نێر لای رەگەزی مێ رەنگدانەوەی ئەو هەڵسوکەوت و پێوەندییەیە، کە رەگەزی نێر بەرامبەر بە رەگەزی مێ دەینوێنێت، جا چی وەك باپیر، باوك، برا، هاوژین، کوڕ و.. بێت، کە هەریەکەیان بە جۆرێك کاریگەری خۆیان لەنێو دڵ و دەروونی مێینەدا بەجێدەهێڵن. مەرج نییە هەر هەموویان یەك رەنگ و یەك رەوشت بن، بەرامبەر بە رەگەزی مێینە، لەبەر ئەوەی هەر هەموو نێرن، بەڵکو جیاوازییان دەبێت. ئەم لێکنەچوونەش هەردەم بوون بە هەبوونی دوو جۆرە وێنەی شیئری، هەروەك لەنێو هۆنراوەکانی ناز کاکەییشدا بەرچاودەکەوێت، کە دواتر لێی دەدوێم.

**1 ـ وێنەی بـاوك**

بەهەشتی فەلەکەددین کاکەیی ـ باوکی ناز، نووسەر، رۆژنامەنووس و بیرمەند بوو، خەمخۆری میللەتەکەی بوو، یارمەتیدەر و ڕێخۆشکەر بوو، بۆ هەرکەسێکی رووی تێکردبا، ئەو هەموو پەسنە جوانانە لە ئەودا کۆببوونەوە، بۆیە دەکرێت بە مرۆڤێکی مەزن ناوبندرێت.

کاکەیی رووناکبیرێکی ئاشتیخواز بوو. ئازادی بیر بە واتا رەهاکەی لە نووسین و هەڵسوکەوتی رۆژانەیدا رەنگی دەداوە. کەسایەتییە تایبەتییەکەی لەوەدا خۆی دەنواند، کە ببوو بە چرایەك هەموو دەوروبەری خۆی رۆشندەکردەوە.

کاکەیی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر پەروەردەکردنی کچەکانی هەبووە، کە لای هەر یەکێکیان بەجۆرێك رەنگیداوەتەوە. ناز لەژێر سایەی باوکێکی وا رووناکبیردا گەورە بووە، بۆیە دەبینین هێندێك لە پەسنەکانی ئەو لای رەنگ دەداتەوە، لەوانە: سەربەخۆیی کەسیەتی، ئازادی بیر، نووسین و..

ناز لە پارچە هۆنراوەی بەدواتا ئەگەرێم شین و شەپۆر بۆ دوا ماڵاواییکردنی باوکی ناگێرێت. بێکەسی و بێ پشتیوانی دەرنابڕێت، وێڵ و سەرگەردان نابێت، بەڵکو بە رێگەی ئەو شوێنانەی کاکەیی تێیدا ژیاوە، لە کەرکووك و بەغدا و رۆژهەڵاتی کوردستان و.. لێی دەگەرێت. ناز لەنێو دووتوێی ئەو کتێبانەی ئەو نووسیونی و یان ئەوانەی وێڵی بوون و.. تا گەیشتۆتە نەوەدونـۆ پیری هەورامان لێی دەگەرێت.

شائیر ئەوەند پابەندی کەسیەتی باوکی بووە ساڵی لەدایکبوونی 1943 ی بە خۆرەتاوترین ساڵ ژماردووە. ناز بە بۆنەی هاتنەدنیای باوکی، پیرۆزبایی لە کەرکوك و لە کوردستان کردووە، کە خەڵاتی تازەی پیری هەقیقەتیان پێ بەخشرا.

ناز، فەلەکەددینی باوکی بە نیگابانی قەڵا و منارە، چرای هەمیشە رۆشنی کەرکووك چوواندووە،

ناز وێنەی ئەوەی بۆ باوکی کێشاوە، کە بە هەناسەکانی چرای کتێبخانەکان دادەگیرسێنێت و سێبەر بۆ هێلانە بچکۆلەکان دەکات(6).

لەپاڵ ئەو هەموو دیمەنانەی لە ژووروو باسکراودا، ناز هەر لە هەمان پارچە هۆنراوەدا، کردەوە جوان و هەڵوێستە مرۆڤانییەکانی باوکی لە وێنەیەکی نایابی دیدا بە وشە نەخشاندووە، کە لەم هێڵکارییەی ژێرەوەدا بەرجەستەکراوە:

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**وێنـــەی ئەرێـــنـــی فەلەکەددین کاکەیی ـ بـــاوکی شـــائیر**

**باوانی ئەستێرەکان** — **ڕۆشنایی ماڵی** — **هێلانەی**

**شائیرانی بێچرا** — **پەرەسێلکە غەریبەکان**

**2 ـ وێنەی کوڕەکانی : دیاکۆ و ژیوار**

لەنێو خێزانی خۆیدا هەردوو جگەرگۆشەکەی: دیاکۆ و ژیوار، کە دوو کوڕن لەنێو هۆنراوەکانیدا ڕەنگیانداوەتەوە. ناز ماوەیەکە هەردوویانی نەدیوە. هەوڵدراوە نەك هەر لە نازی ناز بێناز بکرێن، بەڵکو ناویشی لە هەست و بیریاندا بسرنەوە. بوێژ، دەزانێت ئەو کارەی لەگەڵیدا کراوە نادادوەرانە و نامرۆڤانەیە، بەڵام هەر خۆی دڵی خۆی دەداتەوە، تا بەهێزتر و دڵگەرمتر بێت.

دەپرسی؟ بە کام یاسا دڵگەرم بم، کە تەنانەت ناوی دایك، لە

دەمارەکانی کۆرپەی دوێنێ ڕەش ئەکاتەوە؟! ل. 10

ناز هەر لەبارەی هەردوو کوڕەکانی لە پارچە هۆنراوەی ئەودیوی پەنجەرە بە جوانترین وشە تابلۆی سەرلەبەیانی ڕۆژێکی بێ ئەو، یانی بێ نازی دایکیانی نەخشاندووە. ناز یادی هەردوو کوڕەکانی کردووە. ناز لەدەرەوەی ئەو ماڵەی، کە جاران لەگەڵ کوڕەکانی کۆیکردبوونەوە، ئێستا چوونەنێوی قەدەغەیە. ناز چاوی بریوەتە پەنجەرەی ژوورەکانیان، هەتا لەودیو پەنجەرەوە لە ساڵی تازەدا بە دڵێکی پڕ لە هیوا، لە ڕۆژێکی باراناویدا بیانبینێت:

**تابلۆی چاوەڕوانی بۆ ڕەگەزی نێر**

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| کات | رەگەزی مێ | رەگەزی نێر | شوێن | |
|---|---|---|---|---|
| | ناز | هەردوو کوڕەکانی | دەرەوەی ماڵەوە | |
| نوێ | نیگاکان | دوو ئەستێرەی کۆیلە | ئەودیو پەنجەرە | ساڵی |

یادم بکە!! لە سپێدەی رۆژێکی بێ من
لە پانتایی، باران بارینی ئەڵماسی....
جامەکان لە هەورە بریسکەی نیگات
سەرپۆشی شەرم لەسەر ئەنێن!!
لەودیوی پەنجەرە زولفەکان پەرێشانن.
چاوەڕوانم !! ل. 29

**دووەم/ وێنەی رەگەزی نێر لە دەرەوەی خێزاندا**

ناز لەو شائیرە ژنانەیە، کە لە باسکردنی رەگەزی نێردا لەنێو بازنەی ماڵەوە دەرچووە و پەلی بۆ کەسانی دوورتر هاویشتووە. دواماڵاوایکردنی مامۆستا هێدی لای ناز بووە بە بابەتێك،

بۆیە پارچە هۆنراوەیەکی بەم بۆنەیەوە بۆ هۆنیوەتەوە. لە ناوەرۆکی ئەم هۆنراوەیەدا هێمایەك بۆ فەلەکەددینی باوکیشی کردووە، کە لە یەك گۆرستاندا بە خاك سپێردراون.

شائیر بە گەورەیی سەیری ژیانی مام هێدی کردووە، کە دەڵێت پەنجە نامرێت، مەبەستی لایەنی بەرهەمی بیری مام هێدییە، کە برێتی بووە لە هۆنراوە دانان، وەرگێران، نووسین و.. ، ئەم جۆرە بەرهەمانەی، کە بوون بە زادەی بیری مرۆڤـ هەرگیز نامرن و هەردەم بە زیندوویی دەمێننەوە.

ناز مام هێدی بە پەپوولەی هۆنراوە چوواندووە. پەپوولەش هەردەم لەدەوری گوڵە، بۆیە ناز ئارەزوو دەکات، لەنێو سروشتی کوردستاندا گوڵێك بدۆزێتەوە، تا گڵکۆی مام هێدی پێ برازێنێتەوە:

بەچاوی ماندوو!! بەدوای گوڵێکم
بەسەر مەزاری پیرۆزی هێدیـــــم
لە کوێ گوڵێك شایستەی تۆیــە؟
گوڵ شەرمندەی هونەری تۆیـــە ل. 52

لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێت، کە ناز فەلەکەددین هۆنراوەیەکی بۆ شەهید شیفا ـ خانمی پێشمەرگە هۆنیوەتەوە، کە ئەویش دەکەوێتە نێو بازنەی دەرەوەی خێزانی خۆی.


سڵاوێك لە ئاسمانی جیهانی
بێدەنگی و ئەبەدی بکە
خانمی پێشمەرگە!! ل. 12

## سێیـەم/ وێـنـەی هـاوســەفـەر

لە پارچە هۆنراوەی گەرانـەوە دا کاریگەری رەگەزی نێر وەك بکەرێکی کارا زۆر بە باشی بەرجەستکراوە. تەزووی گەرانەوە، هەر لە رەگەزی مێدا خۆی نەنواندووە، بەڵکو کاریگەری لەسەر ژینگەی دەوروبەری رەگەزی مێیەکەشدا هەبووە، کە بە شێوەیەکی سەرەکی مەل و باڵندە، خاك و خۆڵ، مانگەشەو، رەشەبا و دارودرەخت و.. گرتۆتەخۆی. شائیر بەرێگەی ئەم دەوروبەرەی

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ناخی خۆی بەرامبەر ئەو کەسەی گەراوەتەوە بە زوڵالی دەربریوە. گەرانەوە بە رادەیەك بووە بە مایەی بزووواندنی هەست و نەستی شائیر، کە نەك هەر خۆی، بەڵکو دیواریش هیچی تر بێدەنگ نابێت. گەرانەوە ئەو یادگارییانەی، کە وەك داستان وابوون، هاتنەوە یادی و سەرلەنوێ رەگەزی مێیان خستەوە نێو دنیای شەیدابوون بە رەگەزی نێردا. گەرانەوە کلیلی خۆشبەختی رەگەزی مێیە.




شیفتەیی رەگەزی مێ

لە پارچە هۆنراوەی چیایەك لە شکۆ ناز لە خۆی و لە رەگەزەکەی بەرامبەری دەدوێت.
شائیر لەم هۆنراوەیەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە خۆی و بەرامبەرەکەی یەك باوەڕن. ناز لەم هۆنراوەیە و چەند هۆنراوەیەکی دیشدا دیسانەوە ئارەزووی سەفەر دەکات، بەڵام لە هەمان

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کاتدا دان بەوەدا دەنێت، کە لەگەڵ زەوی ئاشنا نییە و لە ئاسمانیشدا بێگانەیە و وێڵە. ناز بۆ خەوی ماندووبوونی بەرامبەرەکەی دەبێت بە دوو بابەتی گرنگ، هەر وەك لەم هێڵكاریەدا نەخشێندراوە:

**ناز لەئاست هاوسەفەرەکەی**

**چیرۆکی نوێ** و **شیلەی هەنگوینە**

ناز لە هەمان پارچە هۆنراوەدا لەسەر پەسنکردنی هاوسەفەرەکەی بەردەوام دەبێت و بە بەرزی ئەو چیایەی دەچوێنێت، کە هەتاو پەنای بۆ دەبات، وەك زەریایەك دەیبینێت، بێ راز ونیاز، کەچی وای بۆدەچێت، کە دڵی پڕە لە هاوار. ناز هەرچەند لە هاوسەفەرەکەی دوور بێت، وا هەست دەکات، کە هەر میوانی ئەوە، کەواتا لەم تابلۆیەدا ئەوە خۆیا دەبێت، کە ناز گیرۆدەی هاوباوەرکەیەتی، هەروەك لەم هێڵکارییەی ژێروو پیشاندراوە:

**بەرنامەی ناز بۆ هاوسەفەر**

**مجلة قەڵای زانست العلمية**

مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق

المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩

رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**هیوای منی** **بە ئەسپێکی سپی** **بەرەو شاری**

**پێشوازیت لێدەکەم** **ئەفسووناویت دەبەم**

هەردوومان شەیدای یەك ئەوینین! له شارێکی دووریش بژیت، میوانی منی ل. 27

له پارچە هۆنراوەی بێدەنگی سروشت دا ناز وێنەیەك دەکێشێت، کە خۆی و بەرامبەرەکەی دەگرێتەوە، بەڵام سروشتیش دەکات بە ئامرازێك بۆ وەسفکردنی پێوەندێکەیان.

لەم هۆنراەدا ناز زۆر سەرسامە لە بەرامبەرەکەی، هەروەك لەم دوو هێڵکارییەی ژێروو دیارە:


**لە بەرزایی**

**پەرستگەی ئاهورایی** **من**

**تۆ** **مەدهۆشم** 28

**لە بەرزایی**

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)





لە راز و سرِی بێدەنگییەکان، تەنها خاك نیگابانـــــــــە


با ئەهریمەن، شووشەی پاکی بێدەنگیمان نەروخێنێت!!  ل. 28

لە پارچە هۆنراوەی هاوسەفەر دا ، کە ئەم نامێلکەیەشی بەنێونراوە، ناز زۆر هێمنانە، باوەربەخۆیانە هەنگاو بەرەو مەنزڵگەی هاوسەفەرەکەی دەنێت. وێنەی راستینەی ژیان دەنەخشێنێت، کە یەك پارچە گێرەشێوێنییە. کەچی ناز هیوادەخوازێت، کە فانووسی هاوسەفەرەکەی هەردەم گەشاوە بێت.

**هاوسەفەری**



**مجلة قەڵای زانست العلمية**
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




هارمۆنیای جوانی خەیاڵی چاوێك، کەناڵێك پڕ لە هەبوون،
بەڵکو کەمانێك خاڵی لە تیری تۆڵە و کین .. بەبێ وەستان، ل. 35

### جـۆرەکـانـی وێـنـەی رەگـەزی نـێـر

جیاوازی پێوەندی و جۆری رەفتاری رەگەزی نێر بەرامبەر بە رەگەزی مێ، دەبێت بەهۆی جیاوازی بیر و بۆچوونی رەگەزی مێ بەرامبەری. لەنێو کۆمەڵی ئێمەدا بەزۆری تێروانینی رەگەزی نێر بۆ رەگەزی مێ بەوجۆرەیە، کە لەنێو خێزان و لەدەرەوەیدا و هەتا لەنێو یاساکانی باری کەسیدا، سەیریدەکرێت. رەگەزی مێ وەك کەسێکی بێدەسەڵاتی شوێنکەوتە و پاشکۆی رەگەزی

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نێر مامەلەی لەگەڵدا دەکرێت، بەڵام هۆنراوەکانی ناز ئەوە دەسەلمێنن، کە دژ بە هەموو جۆرە کۆتوبەندێك وەستاوە، کە لە مرۆڤایەتی ئەو کەمبکاتەوە، هەر لەم روانگەوە دەبینین شیعرەکانی دابەش دەبێت بەسەر دووجۆر، کە ئەمانەن:

### 1/ وێنەی ئەرێنی رەگەزی نێر


لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵی ئێمە کۆمەڵێکی نێر سالارییە، دەنگی ژن تێیدا خەفەکراوە و لەزۆر باردا وەك کەمینە سەیرکراوە، کەچی دەبینین ئەو وێنانەی ناز کاکەیی بۆ پیاو کێشاونی زۆربەی هەرە زۆریان وێنەی ئەرێنین. من ئەمە بۆ ئەوە دەگەرێنمەوە، کە ناز لەمنداڵیدا لەلایەن باوکێکی رووناکبیرەوە پەروەردە کراوە، کە بیروڕای دژ بەو داوونەریتانە بووە، کە نرخی رەگەزی مێی کەمکردۆتەوە و کاتێکیش چووەتە نێو کۆمەڵ تێکەڵاوی لەگەڵ منداڵانی دیدا پەیداکردووە، باوکی هەر هانی داوە و پشتگیری لە خواست و ئاواتەکانی کردووە و تا رادەیەك ئازادی پێ بەخشیوە، کە هەرگیز ئەوە نەپەژرێنێت، کە وەك پاشکۆیەك رەفتاربکات، یان سەیربکرێت. .

ئەم هۆنراوانەی لەمەوپێش باسکران، هەر هەموویان دەکەونە نێو خانەی وێنەی ئەرێنییەوە، کە کەسی بەرامبەر دەنوێنن، لەژێرەوە وێنەی ئەرێنی هەردوو رەگەزی مێ و نێر دەخەمەروو.

لەنێو کۆمەڵی ئێمەدا ئێستەشی لەگەڵدا بێت، نابێت رەگەزی مێ بیر و ئەندێشەی لەو سنورە تێپەر بکات، کە لەنێو چوارچێوەی داوونەریتدا بۆی کێشراوە. بەزاندنی ئەم سنوورە تاوانێکی گەورەیە و باژەکەشی گرانە و هەموو مێینەیەك خۆی لەبەری راناگرێت، بۆیە زۆرجار ملکەچی دەبێت. ناز بێباکانە ئەندیشەی لە ئاسمانی بەریندا بەرەڵادەکات و بەرزدەفرێت، ناز باش دەزانێت لەم بارەدا، نەك هەر خۆی، بەڵکو هاوسەفەرەکەشی تاوانبارە، بەڵام لە فریندا جوانی و کرێتی، باشی خراپیت لا خۆیا دەبێت و ئەندێشەت بە وزەیەکی بەهێزەوە وێنەی نایابی شیئریت بۆ دادەرێژێت، هەروەك لەنێو ئەم پارچە هۆنراوەیەدا دیارە، کە بێ ناونیشانە و لە لاپەرە 16 ی نامیلکەی هاوسەفەردا بڵاوکراوەتەوە، لەنێویدا ناز راشکاوانە وێنەی هەردوو رەگەزی نێر و مێی دارشتووە، کە لە رەگەزی مێینەدا مەبەستی خۆی و هەر مێینەیەکی دییە. . لەم هێڵکارییەی ژێرەوەدا تاوانی هەردوو رەگەز بەرجەستەکراوە، هەروەك لە پارچە هۆنراوەکەدا هاتووە:

**وێنەی هەردوو رەگەزی مێ و نێر**

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)





من تاوانم، فڕینە لە ئاسمانی پڕ لە تەم و ئـاڵـــــــۆزی ئەمـڕۆ

تۆ تاوانت، هاودەنگییە لەگەڵ باڵندەی بەرزەفڕی مێژوو ل. 16

لەو پارچە هۆنراوە بێ ناونیشانەی لاپەڕە 16 دا وێنەیەکی زیندووی هەردوو ڕەگەزی مێ و نێرمان بەرچاودەکەوێت. ڕەگەزی مێیەکە ناز خۆیەتی ڕەگەزی نێرەکەش لێرەدا هاوسەفەرەکەیەتی. ناز لەم هەڵبەستەدا چەند وێنەیەکی مەردانەی هاوسەفەرەکەی دەکێشێت، کە ڕووناککەرەوەی ژیانیەتی، قەڵغانێکە بەرامبەر بەو هەست و بیرە سووکەی بەرامبەرەکانی هەڵگرینە. ناز لە هەمان کاتدا خۆشی لەم تابلۆیە بێبەش ناکات، بەڵکو دیسانەوە وەك ژنێکی باوەر بەخۆ، باس لە نەترسانی لە ئاگری نیگای نازانایانی کردووە. ئەگەرچی بەربەستەکانی نێوان هەردوو ڕەگەز لەرادەبەدەرن، بەڵام هەر هاوسەفەرن ، لەم هێڵکارییەی ژێروو وێنەی هەردوو ڕەگەز و بەربەستەکانم خستوونەتەروو:

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**وێنەی رەگەزی مێ (من) و رەگەزی نێر (تۆ) و بەربەستەکان**





من، ژنی شاری هێزم، ناترسم لە ئاگری پڕ لە نادانی نیگایان
تۆش شاچرای ژینم، قەڵغانی بـۆ ســووکی هەست و بیریان ل. 16

مجلة قەلای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**2/ وێنەی نـــەرێــنـی رەگـەزی نـێـر**

وەنەبێت ئەو نێرینانەی لە دەوروبەری ناز فەلەکەددین دان، هەموویان وەك باوکی شاچرای ژیانی ئەو بووبن، بەڵکو ستەمکاریشییان تێدا هەبووە، هەروەك لە پارچە هۆنراوەی بۆ من... دا وێنەی کێشاوە. ناز ئەم نێرینەی بە نامرۆڤـ لە قەڵەم داوە، چونکە رەشەبایەك بووە، دنیای رووناکی لێ کردووە بە تاریکستان، خۆزگە و ئاواتی زیندەبەچاڵکردووە و.. ئەم هێڵکارییەی ژێروو وێنەی ستەمکاری نێرینەکەی بە باشی بەرجەستەدەکات:



مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| فەلەك | گەشی |
|---|---|

تۆ ستەمكار بووی، ژینت پڕ بـــــوو لە ناخــو ویــَرانی
دووربە لە دنیام، تۆ زۆر پەرێـشـــان و نـادانـی ل. 21

**چـووارەم/ وێــنــەی رەگـــەزی مــێ**

هەروەك لەنێوهۆنراوە شیكراوەكانی پێشوو بۆمان روونبۆوە، ناز لەنێو زۆربەی ئەو وێنانەی بۆ رەگەزی نێر كێشاونی، خۆشی وەك رەگەزێكی مێ ئامادەیی هەیە. لەپاڵ ئەوەشدا چەند پارچە هۆنراوەیەكی بۆ رەگەزی مێ هۆنیوەتەوە، لەوانە: بۆ هەردوو جوانەمەرگ رازی خوشكی و شیفای پێشمەرگە، هەروا پارچەهۆنراوەیەك بۆ هەفتەی بەرەنگاربوونەوە لەدژی توندوتیژی، هۆنراوەیەكیش بۆ شەوی یەڵدا، كە تیایاندا وێنەی راستینەی باری ئەمڕۆی رەگەزی مێی كێشاوە.

**وێنەی رازی جوانەمەرگ**

لەنێو خێزانی خۆیدا جگە لە باوك و كوڕەكانی و ... باس لە رازی جوانەمەرگی خوشكیشی كردووە، ئەگەرچی دواماڵاواییكردنی راز بۆ ناز زۆر سەخت بووە، نەك هەر لەبەر ئەوەی خوشكی بووە، بەڵكو هەردوویان جمكەبوون و پێكەوە هاتوونەتە دنیا، بەڵام ئەو زۆر خۆراگر و بە جەرگ پێشوازی لەو نەهامەتە كردووە. لە پارچە هۆنراوەی ساڵیادی تۆ - پێشكەش بە سێیەمین ساڵیادی لەدەستدانی خوشكی هونەرمەند و هەمیشەبەهارم (راز). ناز خوشكەكەی و هەستی خۆی بە وڵات چوواندووە، بەڵام راز وڵاتێكی پڕ لەهیوا وخۆشی پڕ لە ناڵە و گریان. ناز بێ رازی خوشكی وێڵ و سەرگەردانە و پەنای بۆ كونجی تەكیەی یار بردووە و هاوار بۆ خوداوەندان: ڤینووس، ئەناهیتا، میترا دەبات و روو لە جەم و یادگار دەكات.


مجلة قەڵاى زانست العلمية

مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق

المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩

رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## دوو وێـــنــەی راز و نـــاز




خەزان بێ بەهار، دوورم لە رازی دڵ و گوڵی زەردی یـارم !!


دڵم خەزانی رازە، تەنیا و خەمینم، چاوەڕێی بەهـاری دیـدارم!!

نـاز لەنێو هۆنراوەکانیدا شانازی بەوەدەکات، کە ژن لە سـەنگەری هـێزی ژیـنـدا سوپایە، مەردە، چەکە و.. ئەزموونی ژن تەنیا جەستە نییە، بەڵکو ئـەزموونی ژن هەسـتە لەنێو کـۆدەمارەکان. ژن دایکی میهرەبانی و مرۆڤایەتییە.

نازی شەیدای ئازادی و هزر و ژین، لە خۆیەوە دەستپێدەکات و بە سانایی خۆی ناخاتە ژێر رکێفی نێرینەیەك نرخی نازانێت، کەسێك ئازاردەری بێت، نەك پشت و پەنا، بۆیە بە هەر چ جۆرە بەهایەك بێت خۆی لێ ئازاد دەکات، هەروەك لە پارچە هۆنراوەی بۆ من ... دا رەنگیداوەتەوە و لەم هێڵکارییەی ژێرووش روونکراوەتەوە:

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**وێـنـەی ڕەگـەزی مـێ ـ لەباری ئازادبوونیدا**




پەشیمانم لە نووسینی مێژووی پڕ ئازار و نادیـــارت
کۆرپەیەك تازەم، شادمانم! دوور لە ناحەزی دیارت
....
ژینی من بەهارە، ئاوازە، سەربەرزە وەك کانی جاری                    ل. 21

## ئـــەنــجــام

1/ ناز کاکەیی لەنێو ناملیکەی هاوسەفەر دا ئازادانە وێنەی جۆراوجۆری ڕەگەزی نێری کێشاوە، بەواتا لە دەربڕینی هەست و نەستیدا، ئەوەند ملکەچی ئەو داوونەریتانە نەبووە، کە کۆمەڵ بۆ ڕەگەزی مێ دایرشتوون.

2/ لەنێو دووتوێی نامێلکەی هاوسەفەردا 39 پارچە هۆنراوە بڵاوکراونەتەوە، 22 هۆنراوەیان بۆ ڕەگەزی نێر هۆنراونەتەوە.

3/ ئەو وێنانەی لەنێو خێزانی خۆیدا کێشاونی بریتین لە وێنەی باوك، کوڕەکانی و ... و ئەوانەی دەرەوەی خێزانی بەشێوەیەکی سەرەکی هاوسەفەرەکەی دەگرێتەوە.

4/ وێنەی ڕەگەزی نێر لەنێو هۆنراوەکانی نازدا دابەش دەکرێن بەسەر دوو جۆرە وێنە:

ا ـ وێنەی ئەرێنی، کە بۆ باوك و کوڕەکانی و هاوسەفەری نەخشاندوونی و وێنەی ئەوەی هەرەدواییان لەپاڵ ڕێزلێناندا بۆنی خۆشەویستی و لێدێت مایەی سرەوتی ژیانی نازە.

ب/ وێنەی نەرێنی، تەنیا یەك پارچە هۆنراوە دەگرێتە خۆی.

5/ لەنێو نامێلکەی هاوسەفەردا 4 پارچە هۆنراوە بۆ ڕەگەزی مێ تەرخانکراوە، کە بۆ هەردوو جوانەمەرگ ڕازی خوشکی و شەهید شیفای هۆنیوەتەوە، هی سێیەمیان بۆ ڕۆژی ڤەلەنتاین و چوارەمیان هۆنراوەی نامەیەك.

6/ لەنێو زۆربەی هۆنراوەکاندا ناز وەك ڕەگەزێکی مێ ئامادەییەکی باشی هەیە.

7/ ناز لە هاوسەفەردا زۆر کەم گلەیی و گازاندە لە ژیان و لە دەوروبەر دەکات، بەڵکو هەردەم بە ئومێد چاوەڕێی داهاتوو دەکات.

8/ بوێژ هەوڵیداوە، هەموو جوانییەکانی سروشتی بۆ ڕازەکردنی کێشانی وێنەی هونەری تەرخانبکات.

9/ لەنێو هاوسەفەردا وێنەی ڕەگەزی نێر وەك مرۆڤێك کێشراوە، هیچ بایەخ بەجەستە و شێوەی دەرەوەی پیاو نەدراوە، بەڵکو زۆر بەرێز و شکۆوەباسکراوە و وێنەی بەرزی خوورەوشتی خراوەتەروو.

10/ لەگەڵ ئەوەی وێنەی ڕەگەزی نێر لەنێو هۆنراوەکانی ناز دا زۆرجار وێنەیەکی روون و ئاشکرایە، بەڵام هێندێکجاریش لێڵێکی پێوە دیارە، بە تایبەتی ئەوانەی، کە بۆ هاوسەفەری هۆنیوەتەوە.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## پـەراوێــز و سەرچاوە

1 ـ شوان سلێمان یابە، بەرهەمی بیری ئافرەتی کورد، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، هەولێر 2009

2 ـ سەنگەر نازم حوسێن، وێنەی پیاو لە شیعرەکانی کەژاڵ ئەحمەد و فروغی فروغزاد، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر 2016

Saman Hassan Balaky, The Resurgence of Kurdish Womens Poetry, November 2011

3 ـ ناز فەلەکەددین کاکەیی، هاوسەفەر، هەولێر 2017

4 ـ لەوانە: ـ چیرۆکی ئەستێرەکان، دەزگەی ئاراس بو چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر 2001

ـ سڵاو جەنتای جوان، سلێمانی

ـ سارا و مدادرنگی هایش، تهران

ـ ئاسۆی ژیان ، هەولێر 2008

5 ـ سهام عبدالوهاب الفريح، المرأه العربيه والإبداع الشعرى، دار المدى للپقافه والنشر، دمشق 2004 ص. 113 ـ 115

6 ـ دەکرێت بەراودێك لەنێوان ئەمجۆرە هۆنراوانە بکرێت، کە لەلایەن شائیرانی رەگەزی مێی رۆژهەڵات لەسەر باوکیان هۆنیوەتەوە، لەگەڵ هەمان بابەت، کە شائیرانی رەگەزی مێی ئەوروپای رۆژئاوا دایاناون،

بۆ وێنە پارچە هۆنراوەی بەناوبانگی Daddy کە لەلایەن Sylvia Plath هۆنراوەتەوە. بۆ زانیاری زێتر بڕوانە:

https://www.poetryfoundation.org/poets/sylvia-plath

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ملخص

## صـوره الـرجــل فـى قـصـائـد نــاز كـاكـەيــى

**د. كوردستان موكريانى**

بعد أن عبرت المرأه عن امالها، طموحها و معاناتها فى الحياه عن طريق الشعر أو الفنون الأدبية الأخرى، إنها تحولت من موضوع أدبى يتناوله الشعراء لشتى الأغراض الشعرية إلى إنسانة تساهم فى نظم الشعر وهذا خير دليل على مشاركتها الفعالة فى صياغة المشروع الأدبى.

يهدف البحث إلى إستجلاء صورة الرجل فى شعر ناز كاكەيى وبالأخص فى ديوانها الموسوم بـ هاوسەفەر 2017 إذ تتناول فيه صورة الرجل كمادة أساسية لا كموضوع عرضي.

يتضمن ديوان هاوسەفەر على صور عده للرجل فى نطاق عائلتها وخارجها، والجدير بالذكر ان الصور الإيجابية للرجل طاغية على الصور السلبية له.

خلال قصائدها تكتشف لنا جوانب من شخصية ناز، تلك الأنثى التى ترفض القيود بشتى أشكالها.

ناز كاكەيى بمهارتها الفنية تمكنت من توصيل مشاعرها الصادقة. الألفاظ التى إستعانت بها تتلائم مع مواضيعها المطروحة وتتناسب مع حالتها النفسية، والتى بدورها تعكس الأزمات التى مرت بها.

إن هـذا البحث جـديـد فى بـابـه، إذ لـم يتناول بحوث سابقة هذا الموضوع بصورة مستقلة.

مجلة قەڵاى زانست العلمية

مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق

المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩

ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print) :رقم التصنيف الدولي

Abstract

The Man's Image in Naz Kakaees poems

After woman had expressed her dreams, ambitions and struggles of life through poetry and other literary arts, she has transformed from being a literary subject dealt by poets for many poetic purposes to human contributes in regulating poetry and that proves her active involvement in building up the literary project.

The research aims to reveal man's image in Naz Kakaees poetry especially in her divan titled as; howsfer 2017, which deals with man as essential subject but random one.

The howser fold contains many images for man within and out the boundary of her family and what is worth to mention is that the positive images about man is more pervasive than the negative ones.

Her poems reveal for us many sides of Naz personality, the female whom rejects constrains in all its forms.

Naz was enabled by her artful skills to deliver her genuine feelings. The expressions that she has used were in harmony with the crises she had been through.

This research is new about what it is present, for no research had dealt before with such subject exclusively.